Sorani
Sjukvård och tandvård

# تیمارسازیی و ددانسازیی

## ڕۆژی هەڵبژاردن ١٧ سێپتەمبەر (٢٦ گەلاوێژ) بڕیار لەسەر ئاییندەی سوێد دەدرێت و ئەوە من و تۆین کە هەڵدەبژێرین. ئێمە هەموومان هەمان بەرپرسیاریمان هەیە، دەنگەکانمان هاوسەنگن. ئایا سیستەمی خۆشگوزەرانیی باشتر بکەین یان لەو ڕێگایەوە کە هەر پێنجهەمین کرۆنێکی باج لە خەزنە هاوبەشەکە لاببەین، خراپتری بکەین؟

لە سوێد هەمووان خاوەنی مافی تیمارسازیین. ئەوە پێویستیەکەیە کە دەبێت بڕیار بدات کاتێك کە مرۆڤ تیمار و چاوەدێریی پێویست دەبێت، هیچ شتێکی دیکە نابێت بڕیاردەر بێت. لە سەری ساڵدا یاسایەك کەوتە کار. ئەو یاسایە ڕێگا دەگرێت لە خەڵك، کە لەو ڕێگایەوە کە بیمەی نەخۆشیی تایبەتیی بکڕن، بێن و سەرەیان بۆ تیمارسازیی پێشبخرێت، و ئەو یاسایە هەروەها ئەوەش دڵنییا دەکات کە ئەگەر زێدەپارەیەك کە لە کاروباری سیستەمی تەندروستییدا هەبێت هەر لەوێدا بمێنێتەوە. هەموو مرۆڤێك خاوەنی مافە بۆ تیمارسازییەکی باش لە کاتی خۆیدا باوەجودی باری ئابووریی، تەمەن، جنس یان پێشینەی ئەتنیکی.

**تیمارسازیی سوێدیی لە پلەی جیهاندایە**

تیمارسازیی سوێد لە پلەی جیهاندایە. لە ڕێگای دەرمانی نوێ و بەکار و میتۆدی چارەسەرکردنەوە دەتوانرێت زیاتر و زیاتر نەخۆشیی چارەسەر بکرێت یاخود لە تەمەنی بەرزتر و بەرزتریشدا هاسانتر بکرێن.

سوێد، پێکەوەلەگەڵ فینلەند، نزمترین پلەی مردنی ساوایان هەیە لە یەکێتی ئورووپادا. لەسەر ژیان بەردەوامبوون لە نەخۆشی شێرپەنجەدا تا دێت باشتر دەکرێت. تیمارسازیی سوێدی چۆنایەتیەکی زۆر باش دەدات بە دەستەوە لە بەراووردی نێونەتەوەییانەدا. بێلەوەش پارەکەی لە زۆر وڵاتی دیکەی ئورووپا کەمترە.

بەڵام سیستەمی تیمارسازیی دەتوانرێت باشتر بکرێت و لاندستینگ پارەی زیاتری دراوەتێ بۆ ئەوەی دەستپێڕاگەیشتن و بەپیرەوەچوون باشتر بکردرێت. لە ساڵی ١٩٩٤ ـەوە ژمارەی پزیشکانی دەست بە کار نێزیکەی بە ژمارەی ٤٤٠٠ زیادی کردووە و ژمارەی ستەران و مامانان بە ژمارەی ١٢٣٠٠ کەس زیاتر بووە. ئێستا ئێمە هەر بەردەوامین.

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 27 27 700 -08 بکە

## گەرانتی چاوەدێریی تەندروستیی باش کار دەکات

لە ١/١١/ ٢٠٠٥ ـەوە گەرانتیەکی چاوەدێریی تەندروستیی بۆ هەموو ئازمایشێك هەیە. هیچ کەسێك نابێت پێویست بکات زیاتر لە سێ (٣) مانگ چاوەڕێی چارەسەرێکی بڕیارلەسەر دراو بکات. ژمارەی ئەو کەسانەی کە چاوەڕێی چارەسەرن بە توندی لە سەرانسەری وڵاتدا کەم دەبێتەوە. ئەگەر ئەو لاندستینگەی تێیدا دەژیت نەتوانێت لە ناو ئەو سێ مانگەدا چارەسەرەت فەرموو بکات ئەوا دەبێت لە لاندستینگێتی دیکە ئەو چارەسەرەت بۆ بکرێت. بە گشتیی هەموو لاندستیبگەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ دا دەتوانن بە کەرەستە و توانای خۆیان گەرەنتی چاوەدێریی تەندروستیی فەراهەم بکەن.

## تیمارسازیی ددان بۆ هەمووان

ددانی تەندروست نابێت بەهرەی خودایی بێت. لە ساڵی ١٩٧٠ ـەوە ئێمە ددانسازیی خۆڕاییمان هەیە بۆ هەموو منداڵان و لاوان تا تەمەنی ١٩ ساڵیی. ئەو تیمارسازییە ددانە خۆڕاییەی منداڵان و لاوان بووە بە هۆی ئەوەی کە لە وڵاتدا تەندروستیەکی باشی ددانمان هەیە. ٢٠٠٢/٧/١ پارێزەیەکی بەرزترین نرخ (högkostnadsskydd) بۆ کەسانی سەروو تەمەنی ٦٥ ساڵ خرایە کار. ئەمە هەل بە مرۆڤەکان دەدات کە تاقم دروست بکەن و ددان بچێننەوە. هەتا ئێستا زیاتر لە ١٣٠ هەزار کەس قەرەبوویان بۆ خەرجیی لەم شێوەیە دراوەتەوە.

ئێستا ئێمە هەنگاوی زیاتر دەنێین و ڕوو دەکەینە ڕیفۆرمێکی باشتری تەندروستیی ددان. هیچ کەسێك نابێت لەبەر هۆی ئابووری ناچار بێت سەردانی ددانساز نەکات. ئێمە دەمانەوێت ئازمایشی ددان هەرزانتر بکەین و پارێزەیەکی باشتریش دژ بە نرخی بەرزی تیمارسازیی ددان بخەینە کار. هیچ کەسێك نابێت پێویست بکات زیاتر لە ٢٠٠ کرۆن بۆ ئازمایش بدات.

## بەدیل (ئەڵتەرناتیڤ)

مۆدێراتەکان و هاوپەیمانیی بەرەی ڕاستیان دژ بە سیاسەتی ئێمەن کە بۆ تیمارسازیەکی دڵنییا بۆ هەمووان هەمانە.

لە سەر ئاستی وڵات مۆدێراتەکان دەیانەوێت تیماسازیەك بۆ هەموون هەبێت کە هاوبەشانە خەرجیەکەی بۆ دابنرێت. بەڵام لە پراکتیکدا، وەك لە لاندستینگی ستۆکهۆڵم هەیە، ئەوان بە شێوەیەکی تەواو جودا بەرخورد دەکەن. لەوێدا مۆدێراتەکان دەیانەوێت هەر هەموو تیمارسازیی سەرەکیی (primärvården) و هەموو نەخۆشخانەکان بکەن بە هی موڵکی. ئەوان دەیانەوێت مامەڵەیەکی جودای زەنگینەکان بکەن لەو ڕووەوە کە ڕێگا بە نەخۆشخانەی سەینت یۆران (S:tGöran) لە ستۆکهۆڵم بدەن کە نەخۆش وەربگرن کە پارەی بیمەی تایبەتیان هەیە و کە دەتوانن سەرە بە نەخۆشی دیکە ببڕن.

ئێمەی سۆشیالدیموکرات هەرگیز ناتوانین سیستەمێکی تەندروستیی ئاوا قبوڵ بکەین. کاتێك کە تۆ پێ دەنێیتە نەخۆشخانەیەکی لەلایەن گشتیەوە (دەوڵەتەوە) خەرجی هەڵگیراو دەبێت دڵنییا بیت کە ئەوە دۆخە

دەتەوێت ببیت بە ئەندام یان زیاتر بزانیت، سەردانی socialdemokraterna.se بکە یان تەلەفۆن بۆ ژمارە 27 27 700 -08 بکە

تەندروستیەکەیە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات کە تۆ چۆن و کەی تیمار بکردرێیت. نەك ئەگەر بیمەیەکی تایبەتیت هەیە یان نا. لەو سیستەمی تەندروستییەدا کە لەلایەن گشتەوە (دەوڵەتەوە) خەرجی دەکێشرێت نابێت جێی جیاواز مامەڵەکردنی تێدا بێت.

مۆدێراتەکان بێلەوەش دەیانەوێت خەرجی دەرمان و چارەسەریش زیاد بکەن. بە چ شێوەیەك دڵنیایی بۆ ئەوانە کە پێویستیان بە چارەسەرە باشتر دەکرێت ئەگەر خەرجیەکانی چارەسەر و دەرمان بەرز بکرێتەوە؟ پێشنیارەکە زیان لەو کەسانە دەدات کە کەمترین هەلی ئابووریی شك دەبەن.

**لە سوێدی ئێمەدا دەبێت هەموان لەگەڵدا بن. تۆ چ سوێدێک هەڵدەبژێریت؟**